# تأثير الاستخدام الاستراتيجي ( S.N.I.P.S)على التفكير التأملي في مادة الجغرافيا للصف الخامس في مركز محافظة السليمانية

**م. د.مريم محمد رۆستم**

اختصاص/طرائق تدريس العلوم الاجتماعيه/ الجغرافيا

استاد/ جامعه السليمانيه /كليهالتربيه الاساسيه/ قسم العلوم الجتماعيه

البريد الإلكتروني Email : Mryam.rostam@univsul.edu.iq

الكلمات المفتاحية: استراتيجية.S.N.I.P.S ، التفكير التأملي، الجغرافيا.

**كيفية اقتباس البحث**

رۆستم ، مريم محمد، تأثير الاستخدام الاستراتيجي ( S.N.I.P.S)على التفكير التأملي في مادة الجغرافيا للصف الخامس في مركز محافظة السليمانية،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، شباط ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٢ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في ROAD

Indexed مفهرسة في IASJ

# The Effect of Strategic Use of S.N.I.P.S. on Reflective Thinking in Fifth Grade Geography in the Center of Sulaymaniyah Governorate

**Mryam Mohammed Rostam**
Specialization: Methods of teaching social sciences/geography
Professor - Sulaymaniyah University, College of Basic Education, Department of Social Sciences

**Keywords** : S.N.I.P.S. Strategy, Contemplative Thinking, Geography.

## How To Cite This Article

Rostam, Mryam Mohammed, The Effect of Strategic Use of S.N.I.P.S. on Reflective Thinking in Fifth Grade Geography in the Center of Sulaymaniyah Governorate,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, February 2026,Volume:16,Issue 2.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract :**

The main goal of this study is to find out. The Effect of Strategic Use of S.N.I.P.S. on Reflective Thinking in Fifth Grade Geography in the Center of Sulaymaniyah Governorate, The quasi-experimental method was used. Depending on the subject, the study population consisted of fifth-grade students from both East and West Elementary Schools. She described the study model as a deliberate approach to Western education at Zhilwan Elementary School, noting the balanced number of students in each classroom, with an average of 50 boys and girls. Matches were found for variables such as age, occupation, parent's and father's degree, grade 4, and IQ. Preparing an open survey tool to consider 20 items in a 4-choice format, the researcher then assessed the validity of the tool and consulted several experts, nine of whom were specialists, and the collection of their opinions reached 79%. A prototype for determining the tool's stability was created from a re-test conducted on 40 students, along with the study sample, whose answers showed an 85% mismatch according to the Pearson equation. The research experiment was then carried out with 50 fifth-grade students,

and classes were held for both groups. After the experiment was completed, a final test of the instrument was conducted. The researcher used statistical tools such as the t-test and the Pearson correlation coefficient. The researcher concluded that there was a statistically significant difference between the experimental group and the control group, and that the experimental group showed a favorable outcome in terms of the research focus, ending with a set of suggestions and recommendations.

**ملخص البحث:**

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو معرفة تأثير الاستخدام الاستراتيجي ( S.N.I.P.S)على التفكير التأملي في مادة الجغرافيا للصف الخامس في مركز محافظة السليمانية. تتضمن مجتمع البحث طلاب الصف الخامس من كل من منطقتي الشرق والغرب.

حددت عينه البحث كنهج هادف للتعليم الغربي في مدرسة زيلوان الابتدائية بسبب العدد النسبي للطلاب في الفصل، بمتوسط (٥٠) طالبا وطالبة. تم العثور على تطابقات لعدة متغيرات مثل العمر، والمهنة، والشهادة العلمية للأب والأم، والصف الرابع، والذكاء. إعداد أداة استبيان مفتوحة للتفكير في عدد (٢٠) عنصرا على شكل اختيار رباعي الأبعاد. ثم وجد تويزر صلاحية الأداة ووضعها في أيدي عدد من الخبراء، بمن فيهم تسعة خبراء، مع وجود فجوة رأي بنسبة (٧٩) بالمئة.

تم استخراج نموذج أولي لإيجاد الثبات للأداة من اختبار إعادة تم على( ٤٠ )طالبا باستثناء عينة البحث التي كانت إجاباتها غير متطابقة باستخدام معادلة بيرسون (٨٥%)، والتي اعتبرت مقبولة للمقياس. تم بعد ذلك تطبيق تجربة البحث على (٥٠)طالبا في الصف الخامس، وبدأت الدروس لكلتا المجموعتين. بعد اكتمال تجربة البحث، تم إجراء اختبار نهائي للأداة.

استخدم الباحث أدوات إحصائية مثل اختبار(t)ومعادلة بيرسون للعلاقة. وخلص الباحث إلى وجود فرق ذا دلالة إحصائية بين المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة، وأن المجموعة التجريبية كانت لصالح المجموعة التجريبية في التفكير حول البحث، وانتهى بمجموعة من التوصيات والمقترحات.

# كاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S)لەسەر بیرکردنەوەی تێرامانی لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەناوەندی پارێزگایی سلێمانی

م.د.مریم محمد ڕوستم : پسپۆڕی: ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکان/جوگرافیا
مامۆستا بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی-زانکۆیی سلێمانی - کوردستان –عێراق.

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی (**کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S) لەسەر بیرکردنەوەی تێرامانی لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگایی سلێمانی**) ،توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهێنراوە بەپێی سروشتی بابەتەکە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیەلە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی لەهەردوو بەڕێوبەرویەتی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا،نموونەی تویژینەوەکەی دیاریکرد بەشێوەی مەبەست لە پەروەردەی ڕۆژئاوا لە خوێندنگەی (ژیلوان)ی بنەڕەتی بەهۆی ڕێگەپێدان وگونجاوی ژمارەی قوتابیان لەپۆلدا بە گشتی (50) قوتابیە لەڕەگەزی نێرو مێیە. هاوتایی گروپەکان دۆزرایەوە بۆ گۆڕاوەکانی (تەمەن، پیشەوبڕوانامەی دایك وباوك ، نمرەی پۆل(٤)،زیرەکی)هاوتان. ئامادەکردنی ئامرازی ڕاپرسی کراوەبۆ بیرکردنەوەی تێرامانی ژمارەی بڕگەکانی(٢٠)بڕگەیەکە بەشێوەی هەڵبژاردنی (٤)ڕەهەندی ،پاشان توێژەر ڕاستێتی بۆ ئامرازەکە دۆزییەوە وخستیە بەردەستی ژمارەیەک پسپۆڕ ، کە (٩) شارەزا بوو، کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونیان بەڕێژەی (٧٩٪)دیاریکراوە، نموونەیەکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی جێگیری بۆ ئامرازەکە دەرهێنراوە لەشێوەی دووبارە تاقیکردنەوە کە ئەنجامدراوە ،بە سەر (٤٥) قوتابی بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە وەلامەکان هەڵەچنیان بۆکرا، لە ڕێگەی هاوکێشەی (پێرسۆن)کە ڕێژەی (٨٥٪)، بۆ پێوەرەکە پەسەند دادەنرێت.پاشان ئەزموونی توێژینەوەکە جێبەجێکراوە بەسەر(٥٠) قوتابی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ، دەستکراوە بە وانە خوێندن بۆ هەردوو گروپەکە. دوای کۆتایی هاتنی ئەزموونی توێژینەوەکە، تاقیکردنەوەی کۆتایی(پاشەکی)بۆ ئامرازەکەکراە ، توێژەرئامرازی ئاماری بەکارهێنراوە وەک:، تاقیکردنەوەی (ت) ( t.Test) و هاوکێشەی پەیوەندی (پێرسۆن ) بوو . توێژەر گەشتە ئەو ئامانجەی کە جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان هەریەک لەگروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو ، هەیە لە بەرژەوەندی گروپە ئەزمونیەکە بوو لە بیرکردنەوەی تێرامانی توێژینەوەکە بەکۆمەڵێک پێشنیازو ڕاسپاردە کۆتایی هات.

**کلیلی ووشەکان:ستراتیجی (s.n.i.p.s )، بیرکردنەوەی تێرامانی ، جوگرافیا.**

## بەشی یەکەم:ناساندنی توێژینەوەکە:

١-١کێشەی توێژینەوەکە:

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ، زانایان بایەخێکی زۆریان داوە بە جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە داوە ،ئەو پرۆسەییە کە عەقڵ و ئەزموونەکانی قوتابی بەشێوەیەکی نوێ ڕێکدەخات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ، ئەم بابەتە هەر لە کۆنەوە سەرنجی فەیلەسوفو پەروەردەکاران وزانایانی بەلای خۆیدا کێشکردووە و تیۆریەکانیان لە بوارە جیاوازەکانیاندا زۆر ماندوو بوون بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە بۆ ئەوەی لە نهێنییەکانی تێبگەن بە مەبەستی پەرەپێدانی ستراتیژ و میتۆدی گونجاوی زیاتر، کە یارمەتیدەریان بێت بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی تێگەشتنی قوتابیان تا بتوانن لە بوارە جیاوازەکان بەکاری بهێنن لە ڕوانگەی گرنگی

کارامەیەکانی بیرکردنەوە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لێکۆڵەران و زانایانی بواری پەروەردە بە ئامانجێک ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوەی زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندنیان داناوە ، بە ئامانجی پێگەیاندنی قەتابیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێداویستەکانیان لە داهاتوودا،تاکوتێروانینیان لاواز نەبێت لەبڕیاردان دا. ( مصطفى ،٢٠٠٢)،ئاستی بیرکردنەوەی تاکی قوتابیان بەرەو لایەنی نەرێنی دەڕوات بەهۆیی گرنگی نەدان بەبیرکردنەوە جۆراوجۆرەکانیان بەتایبەت بیرکردنەوەی تێرامانی کەلەچەندین توێژینەوەدا ئاماژەی پێکراوە وەک توێژینەوەکانی(العماوی،٢٠٠٩)،هەروەها توێژینەوەی (الصابری،٢٠١٩)ئاماژەبەوە دەکات کە لاوازی لە بیرکردنەوەدا یە، بەتایبەتی بیرکردنەوەی تێرامانی، لەنێوان قوتابیان داهەیە. ئەمەش ڕەنگە بەهۆی نەبوونی زانیاری تەواو لە لایەن مامۆستایانەوە بێت سەبارەت بە شێوازەکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوە، ئاگادارنەکردنەوە لە نوێترین شێواز و ستراتیژەکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوە لای قوتابیان و پابەندبوون بە شێوازە تەقلیدیەکان و پاراستنی دۆخی ئێستای پەروەردەیی و ڕەتکردنەوەی هەموو بیرۆکە و ستراتیژییە نوێیەکان.هەروەها نەبوونی ژینگەیەکی گونجاوکاری بەکۆمەڵی قوتابیان لەگەڵ یەکتری ودرووس نەبوونی شیوازی قوتابیان بەشێوازی گرووپات وتێکەڵ نەبوونیان بەژینگەی دەرەوە وادەکات هەستەکانیان زیاترنەبێت بۆ گەشەدان بەبیرکردنەوەی تێرامانی بەتایبەت لە بابەتە جیاوازەکاین وبابەتی جوگرافیا بەتایبەتی کە هەستی قوتابیان زیاتر ڕاکێشێت بۆ لایەنی مرۆیی وژینگەی ی بە قوتابیانەوە ئەمەش هەستکردن بەبیرکردنەوەی لاواز دەکات گربێت وپەرەی پێنەدێت لەلایەن مامۆستایان وپەوەردەکارانەوەبە ئامادکردنی ژینگەی فێرکاریی وشێوازو ڕێگەوستراتی جی وانەوتنەوەی گونجاو لەگەڵ ئاست وتەمەنی قوتابیان گونجاو بێت

بەو پێیەی ستراتیژی S.N.I.P.S یەکێکە لەو ستراتیژییە مۆدێرنانەی کە کاردەکات بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامانی ،لەبەر ئەوەی یەکێکە لە ستراتیژییەکان کە توێژەرەکە پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی لە فێرکردنی بابەتەکەی جوگرافیادا تاقی بکاتەوە، بەو هیوایەی کە کار دەکات بۆ وروژاندنی پاڵنەرەکانی قوتابیان وکارلێکردنیان بەرەو فێربوون. لێرەوە کێشەی لێکۆڵینەوەکانی ئێستا لە دیاریکردنی ئەو کاریگەرییەی کە ستراتیژی (S.N.I.P.S) دەتوانێت هەیبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت و بیرکردنەوەی ڕەنگدانەوەی لەنێو قوتابیان دا سەرهەڵدەدات. کێشەی توێژینەوەکە دەتوانرێت دیاری بکرێت لەشێوەی ئەم پرسیارە.

**کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S)لەسەر بیرکردنەوەی تێرامانی لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەناوەندی پارێزگایی سلێمانی**

**201.گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

توێژینەوە لەبواری وانەوتنەوە بەگشتی گرنگی خۆی هەیە لەپێشخستنی ئاستی توانای مامۆستا و کارلێکردن لەنێوان مامۆستا و خوێندکار و هەروەها لە گەیاندنی زانیاری مامۆستا بۆ خوێندکاران بە باشترین شێوە، چونکە "وتراوە وانە وتنەوە گوزارشت لە چالاکییەك دەکات کە پێك دێت لە دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش زانست و هونەرە(سرمد، 2007).

1-سوودی دەبێت بۆمامۆستایان وقوتابیانی پۆلی پێنجەم لەبابەتی جوگرافیا کە ئامادەکراوە.

2-بەشێوازێکی گرنگ دادەنرێت کە هەردوو لایەنی تیۆری وپراکتیکی ،پراکتیزە دەکات.

3-دەبێتە بەرچاو ڕوونیەك بۆوەزارەتی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەکێشەکانی ناوەڕۆکی زانستی پەرتووکەکە دیاریکردنی پێداویستیەکانی ناوەڕۆکی زانستی.

4-دەکرێت ببێتەسەرچاوەیەکی بەسوود بۆدەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەکان کەبەزمانی کوردییە.

**١.٣. ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژینەوەی ئەزموونی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی بریتیەلە:

**زانینی ئاستی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی (S.N.I.P.S)لەسەر بیرکردنەوەی تێرامانی لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەناوەندی پارێزگایی سلێمانی. ؟**

**١.٤. گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

**گریمانەی یەکەم:** دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی گروپی ئەزموونی کەبەڕێگەی ستراتیجی (S.n.i.p.s)ی پشت بەستوو خوێندویانە لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی".

**گریمانەی دووەم:** دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو (کەبەڕێگەی ئاسایی باوخوێندویانە) لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی".

**گریمانەی سێیەم:** دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو (کەبەڕێگەی ستراتیجی S.n.i.p.s).

**گریمانەی چوارەم:** دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی ئەزموونی بەپێی ڕەگەز (کەبەڕێگەی ستراتیجی S.n.i.p.s) لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی".

**گریمانەی پێنجەم:** دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو بەپێی ڕەگەز (کەبەڕێگەی ئاسایی باوخوێندویانە) لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی".

**١.٥. سنوری توێژینەوەکە:** توێژەر ئەنجامدانی توێژینەوەکەی ئەم سنورانەی بۆ دیاریکردووە:

١.مرۆیی/ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەی(ژیلوان)ی بنەڕەتی لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا.

٢.کات/ وەرزی دووەمی/ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

٣.شوێن /شوێنی جوگرافیای ئەنجامدانی توێژینەوەکە خوێندنگەی(ژیلوان)ی بنەڕەتی سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا،لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

٤.بابەت/ یەکەم/ بەڕێگەی ستراتیجی (S.n.i.p.s)،دووەم/پشت بەست بە کتێبی بابەتی کۆمەڵایەتی بەشی/ جوگرافیا بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بەناونیشانی،لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە(٢٠٢٢):بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ،چ١.

**١.٦.پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

**١.٦.١.ستراتیجی (S.n.i.p.s) :** پێناسەی الهاشمي و الداليمي (٢٠٠٨) وەک یەکێک لە ستراتیژییەکانی (ماوراءالمعرفيه) پێناسەی دەکەن و کە ڕێبازێکی خوێندنەوەلە پێنج هەنگاوپێکهاتووە بۆ ئاسانکاریکردنی وخوێندنەوەی بابەتەکان لێکدانەوەی یارمەتیدەرە بۆبابەتە

بینراوەکان بەجۆرێک کە سەرنجیان لەسەر، وێنە، هێڵکاری، نەخشە،چەمکەکان هەیەکە گەشە بەبیرکردنەوە دەدات.

**پێناسەی (رێکاریی) بەم جۆرە پێناسەی دەکات:** بریتیە لە کۆمەڵێک هەنگاوی کردەیی کە لە لایەن خوێندکاری پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیەوە پراکتیزە دەکرێت، بە تایبەتی گروپی ئەزموونی، لە ژێر رێنمایی و سەرپەرشتی توێژەر بۆ یارمەتیدانیان بۆ بەکارهێنانی وێنە و نەخشەی جوگرافیابە مەبەستی تێگەیشتن لە دەقی خوێندنەوە، و کۆدکردن و هەڵگرتنی بۆ وەرگرتنەوەی ئاسان و گونجاو لە کاتی پێویتدا یارمەتیدانیان بۆوەرگرتنی بیرکردنەوەی تێرامانی..

**٢.٦.١.بیرکردنەوەی تێرامانی:** پێناسەی کاشکۆ(٢٠٠٥).بە شێوازێکی بیرکردنەوە دادەنرێت کە پشت بە بابەتگەرایی و بنەمای هۆکارگەرایی دەبەستێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە دیاردە و ڕووداوەکان ڕوون دەکەنەوە ، توێژەرانیش گرنگیان بە بیرکردنەوەی ڕەنگدانەوەی داوە لە توێژینەوە پەروەردەییەکان، بەتایبەتی پەیوەست بە پەروەردەی پۆل و ئامادەکردنی مامۆستایان لەکاتی خزمەتکردن لە وانەوتنەوەدا .

**پێناسەی (رێکاریی) بەم جۆرە پێناسەی دەکات:** بریتییە لە پرۆسێسکردنی ورد و ئامانجدارانەی تاک بۆ چالاکییەکان لە ڕێگەی پرۆسەکانی خوێندنەوەونوسینی بابەتی جوگرافیایی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیەوە،وەری دەگرن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون و پاراستنی بەردەوامی پاڵنەرەکان و بنیاتنانی تێگەیشتنێکی قووڵ بە بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی فێربوونی گونجاو، و لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ هاوتەمەن و مامۆستایان.

**٣.٦.١.جوگرافیا**:پێناسەی مصطفي( 2004): زانستێکە چەند زانستێکی تر لەخۆدەگرێت ،جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی هۆکارە سروشتییەکان و هۆکارە مرۆییەکان وەك بەشێك لە جیاوازی نێوان شوێنێك و شوێنێکی تر لەسەر ڕووی زەوی.

**پێناسەی (رێکاریی) بەم جۆرە پێناسەی دەکات:** بریتیە لەو زانستەی کە لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەرڕووی زەوی دەکۆڵێتەوە،و جۆری پەیوەندی لەنێوانیاندا دەخاتەڕوو،کە لە ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندنی پۆلی (5)بنەڕەتی دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوەی هەرێمی کوردستانەوە.:

**بەشی دووەم:**

**١.٢. چوارچێوەی تیۆری**

**٢٠١٠١٠ ستراتیجی (S.N.I.P.S)**

یەکێکە لەستراتیجیەکانی ماوراءالمعریفی،وەرگرتنی زانیارییەکان و وانەوتنەوە کاریگەری هەیە لەسەر فێربوون وفێرکردنی قوتابیان لەهەستەکانیان و وتێگەیشتنی دا،بەو پییەی بەشدارلە گەیشتن بە کارلێکردنی لەگەڵ خوێندنی بابەتەکان دا،دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان بەشەکان وبابەتەکان بەیەکەوە دروست دەکات.

**هەنگاوەکانی ستراتیژی:S.N.I.P.S :**

**١-پیتی(S)**-(Start)لەووشەی (سەرەتا) وەرگیراوە، کە دەست پێدەکات بە دەستەواژەی دەستپێکردن بە پرسیار، واتە بە پرسیار دەست پێبکە و نوێنەرایەتی هەنگاوی یەکەمی ئەم ستراتیژە دەکات.

٢.پیتی **(N)** -(Note) لە ووشەی (تێبینی) وەرگیراوە، کە زاراوەی تێبینی چی بێت دەست پێدەکات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

٣.پیتی (I)-(Identify) لە ووشەی (ناسینەوە) وەرگیراوە، کە دەست پێدەکات بە زاراوەی ناسینەوە چییە گرنگ، واتە دەستنیشانکردنی ئەوەی کە لە دەقەکەدا گرنگە و نوێنەرایەتی هەنگاوی سێیەمی ئەم ستراتیژە دەکات.

٤. پیت (P)-(Plug) لە ووشەی (پێوەکردن) وەرگیراوە، کە دەست دەکات بە زاراوەی Plug it into the chapter، واتە بەستنەوەی ئامرازەکان (بە دەقی خوێنەرەوە) و نوێنەرایەتی هەنگاوی چوارەمی ئەم ستراتیژە دەکات.

٥. پیت(S) -(See) لەووشەی **(ببینە)** وەرگیراوە، کە دەست پێدەکات بە زاراوەی بزانە ئەگەر دەتوانی
بینراوەکە بۆ کەسێک ڕوون بکەرەوە، واتە بزانە ئایا دەتوانیت شێوازی بینراوەکە بۆ کەسێکی تر ڕوون بکەیتەوە، یان بە دەنگی بەرز بۆ خۆت ڕوونی بکەرەوە ئەگەر کەسێک نەدۆزیتەوە بۆی ڕوون بکەیتەوە. هەنگاوی پێنجەم لەم ستراتیژەدا نوێنەرایەتی دەکات(احمد،٢٠١٦)

**ڕۆڵی مامۆستا لە خستنەڕووی ستراتیژی:S.N.I.P.S :**

١. قوتابیەکانی لە لێهاتووەکانی مەعریفی و جووڵەیی ڕادەهێنێت، لەم حاڵەتەشدا دەبێت ئەو لێهاتووانەدا لە هەموو وانەکانی خوێندنەوەدا بەهێزتر بکات.

٢.دابینکردنی نەخشە و وێنەی پێویست بۆ بابەتەکان کە قوتابیان پەرەی پێدەدەن.

٣.قوتابیەکان فێر دەکات کە شێوازەکانی جیاکاری و بەراوردکردن و لەوانەکەدا بکەن.

٤. لەم ستراتیژەدا پێویستە مامۆستا درک بەوە بکات کە شێوازە تایبەتەکان لە خۆیاندا ئامانجێک نین، بەڵکو ئامرازێکن بۆ پێکهێنانی چوارچێوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی بۆدیاردەکانی بابەتەکەدا. ڕوونکردنەوە بەیەکەوە بەستن.

٥.مامۆستا ڕاوێژکار وچاودێرە نەک سەرچاوەی پێدانی زانیارییەکانی بابەتەکە .

٦.دابینکردنی شێوازی خۆهەڵسەنگاندن بۆ قوتابیەکانی بۆ ئەوەی لەگەڵ ستراتیژیدا بگونجێت . (الهاشمي و طه، ٢٠٠٨).

**٢٠١٠2 بیرکردنەوەی تێڕامانی:**

٢٠١٠2٠١چەمکی بیرکردنەوەی تێڕامانی:

پرۆسەیەکی دەروونی چالاک و هۆشیار ناسراوە سەبارەت بە بیروباوەڕ و ئەزموونەکانی قوتابیان کە وا دەکات بتوانێت بگاتە ئەنجام و چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە (بەکر ئەلمەواجدە، و ئەوانی دیکە، ٢٠١٣) کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی باشترکردنی پرۆسەی فێربوون و دەستکەوتەکان بە شێوەیەکی ڕێکارەکان بە کۆی گشتی نمرەی بەدەست هاتووی تاقیکەرەوە لە پێوەرەکانی بیرکردنەوەی ڕەنگدانەوەیدا دەپێورێت. (کیم، ٢٠٠٥).

٢٠١٠2٠٢ گرنگی بیرکردنەوەی تێڕامانی:

١- بڕیاردان لەخۆدەگرێت و لەوانەیە پێش یان لە کات و دوای فێربووندا ڕوودات..

٢-کاتێک بیردەکاتەوە، دەتوانێت بیرۆکەکان بە ئەزموونەکانی پێشوو و ئێستاوە بەستێتەوە..

٣-بیرکردنەوەی پێویستە بۆ قتابیانە، بەو پێیەی پێویستی بە تێکەڵکردنی دەروون هەیە لەگەڵ ئەوەی فێردەبێت، هەروەها لەگەڵ گواستنەوەی قوتابیان لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر..

٤-بیرکردنەوە کارامەییەکی گرنگە لە فێربوون لەسەر بنەمای کێشە یارمەتی فێرخواز دەدات کە بە باشی بیربکاتەوە و قووڵتر بچێتە ناو ئەو پرۆسانەی کە پێویستن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەو هەنگاوانەی کە تێیدا بەشدارن.

٥-بەشدارە لە پەرەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و عەقڵێکی کراوە و داهێنەرانە.

٦-هەستی متمانە بەخۆبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکەکانی قوتابخانە و ژیاندا پەرەپێدەدات. (عەبدولوەهاب، ٢٠٠٥)

**٢.2.خستنەرووی توێژینەوەکانی پێشوو:**

**خشتەی ژمارە(2-1) توێژینەوەکانی پێشوو**

| ناوی باپیر | ساڵ شوێن | کۆمەڵگە نموونە | ئامرازی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١-کاریگەری ستراتیجی(s.n.i.p.s)لەسەردەسکەوت بیرکردنەوەی تێرامانی لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی. | | | | |
| عبدالصابر زلال هلال | ٢٠١٩ زانکۆی میسان | (٦٥) قوتابی مێ | ئامادەکردنی راپرسی دەسکەوت و بیرکردنەوەی تێرامانی | توێژەرەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە خوێندکارە کچەکانی گروپی تاقیکاری، کە بەپێی ستراتیجی (S.N.I.P.S.) بابەتەکەیان خوێندەوە، هەروەها جیاوازی لە نێوان نمرەی خوێندکارە کچەکانی دوو گروپەکەدا لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی بیرکردنەوەی تێرامانی دا لە بەرژەوەندی گروپی تاقیکاریدا هەبوو. |
| 2- کاریگەری ستراتیجی(s.n.i.p.s)لەسەر بیرکردنەوەی بیناراولای قوتابیانی پۆلی پێنجەم لەبابەتی مێژوودا. | | | | |
| القاعود، ابراهيم عبدالقادر، واخروون | ٢٠١٩ پارێزگای معان | (٣٧) قوتابیانی نێرومێ | ئامادەکردنی راپرسی بیرکردنەوەی بینراو | دەرئەنجامی گروپی ئەزموونی، کە بەپێی ستراتیجی (S.N.I.P.S.) بابەتەکەیان خوێندەوە، هەروەها جیاوازی لە نێوان نمرەی گروپەکەی دیکە لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی بیرکردنەوەی بینراو دا لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدا بوو. |
| 3- کاریگەری ستراتیجی(s.n.i.p.s)لەسەردەسکەوتی بابەتی کۆمەڵایەتی کاریگەری پاڵنەر لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی ناوەندی. | | | | |
| المعموری، کریم حمزە | ٢٠٢٠ زانکۆی بابل | (٦٧) قوتابیانی نێرومێ | ئامادەکردنی راپرسی دەسکەوت و پاڵنەر | بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە جیاوازی لە نێوان نمرەی گروپەکان بەپێی ڕاپرسی ئامادەکراو خوێندنی ستراتیجیەکە لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدا بووبۆ دەستکەوت وپاڵنەری وەرگیراو. |

**٣٠٢ ٠سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:** لەتوێژینەوەکانی پێشوو سوودی وەرگرتووە وەک:

١-بەمەستی دیاریکردنی ستراتیجی لە خستنەڕووی توێژینەوەکەدا.

٢-بەمەبەستی هەڵبژاردنی تەوەرو برگەکانی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

٣-بۆ دارشتنی کێشەی،بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕاستیتی وجێگیری، جێ بەجێکردنی "ئامرازەکە.

**بەشی سێیەم:**

**ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:**

**١.٣ . میتۆدی توێژینەوەکە:** بەپێی سروشتی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهێنراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**٢.٣ ٠ کۆمەڵگای توێژینەوە :** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بە گشتی (20387)قوتابیانی رەگەزی ( نێر و مێ) پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیەلەهەر دوو بەرێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی، وە بەو شێوەیەی کە لە خشتەی(٣-١) دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(3-١)کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەپێی ژمارەورەگەزی قوتابیان**

| ڕەگەز / بەڕێوبەرایەتی | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | 6215 | 5705 | 11920 |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 4337 | 4130 | 8467 |
| کۆی گشتی | 10552 | 9835 | 20387 |

**٣.٣ . نمونەی توێژینەوەکە** :جۆری نموونەی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێراوە بەشێوەیی مەبەستدار ،لەلایەن توێژەرەوە، کەپێکهاتووە لە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەیی (ژیلوان)ی بنەرەتی سەربە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەیی (ڕۆژئاوا)،چونکە بەرێوەبەر هاوکار بووە، ،کە ژمارەیی قوتابیان بە گشتی (50)قوتابیە بە رەگەزی نێر ومێ ، توێژەر پۆلی (أ)بۆ گرووپی ئەزموونی وپۆلی (ب) تایبەت بە گرووپی کۆنترۆڵکراو دیاریکرد هەروەک لەخشتەی ژمارە(٣-٢) داخراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (3-2) نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابخانەی(ژیلوان)ی بنەرەتی**

| ڕەگەزی / گرووپەکان | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 12 | 14 | 26 |
| کۆنترۆڵکراو | 11 | 13 | 24 |
| کۆی گشتی | 23 | 27 | 50 |

**3 .4. هاوتایی گۆڕاوەکان** : هاوتایی گۆڕاوەکانی بۆ هەردوو گرووپی(ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) توێژەر بەمەبەستی زانینی زانیاریی بۆ هاوتایی گۆڕاوەکانی هەستاوە بە ئامادەکردنی فۆرمێکی زانیاریی کە تێدا هاتووە بۆ گروپەکە لەپاش کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە تاکەکانی وەك(پیشەی دایك وباوکی، ئاستی ئەکادیمی دایك وباوکی قوتابیان نمرەی ساڵانی پێشوو ،تەمەن ،زیرەکی).

**3 .4. ١ . پیشەی باوکی قوتابیان بۆ هەر دوو گرووپەکە:** توێژەر لەرێگەی فۆرمی ئامادەکراوە پیشەیی باوکی قوتابیانی وەرگرتووە بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوتای بۆ دیاری کردنی هەبوون یان نەبوونی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گروووپەکە، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (کای سکوێر) ،هەروەك لە خشتەی ژمارە (3-3)دا خراوەتەڕوو:

خشتةى ذمارة (3 -3 )

ئةنجامى هاوكَيشةى (كاى سكويَر) بؤ هةردووطروث بةثيَى طؤراوى ثيشةى باوكى قوتابيان

| طروث | ثيشةى باوك | | | قةبارةى نموونة | بةهاى (ك) | | نمرةى ئازاد | ئاستى بةلَطةدارى (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامؤستا | كارمةند | كاسب | | ئةذماركراو | خشتةى | | |
| ئةزموونى | 11 | 9 | 6 | 26 | ٢٥،١ | ٥،٩٩ | 2 | بةلَطةدار نية |
| كؤنترؤلَكراو | 9 | 8 | 7 | 24 | | | | |
| كؤى طشتى | 20 | 17 | 13 | 50 | | | | |

هەروەك ئاماژەكردن بەخشتەی ژمارە( 3-3 )،دەردەكەوێت،كە بەهای (ك)ی ئەژماركراوبریتییە لە(٢٥،١) كەمترە لەبەهای خشتەی كە یەكسانەبە(5,99)بە پێی نمرەی ئازادی (2) پلەیە،وە لە ئاستی بەڵگەداری (0،05)[1]، واپیشانی دەدات كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گروپی ئەزموونی و كۆنترۆڵكراو،بەپێی گۆڕاوی پیشەی بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە .

**3 .4. ٢. پیشەی دایكی قوتابیان بۆ هەر دوو گروپەكە:** توێژەر لەرێگەی فۆرمی ئامادەكراوە پیشەیی دایكی قوتابیانی وەرگرتووە بە مەبەستی زانینی رادەی هاوتای بۆ دیاری كردنی هەبوون یان نەبوونی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گرووپەكە، هەستا بە بەكارهێنانی هاوكێشەی (كای سكوێر) ،هەروەك لە خشتەی ژمارە (3-٤)دا خراوەتەڕوو:

**خشتةی ذمارة (3- 4 )**

**ئةنجامی هاوكێشةی (كای سكوێر) بۆ هةردووطروث بةثێی طۆڕاوی ثیشةی دایكی قوتابیان**

| طروث | ثیشةی دایك | | | قةبارةی نموونة | بةهای (ك) | | نمرةی ئازاد | ئاستی بةڵطةداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستا | كارمةند | ذنی ماڵةوة | | ئةذماركراو | خشتةی | | |
| ئةزموونی | 10 | 9 | 7 | 26 | 0،٠٤٥ | ٥،٩٩ | 2 | بةڵطةدارنية |
| كۆنترۆلكراو | 9 | 9 | 6 | 24 | | | | |
| كۆی طشتی | 19 | 18 | 13 | 50 | | | | |

هەروەك ئاماژەكردن بەخشتەی ژمارە( 3-4 )،دەردەكەوێت،كە بەهای (ك)ی ئەژماركراوبریتییە لە(0,045) كەمترە لەبەهای خشتەی كە یەكسانەبە(5,99)بە پێی نمرەی ئازادی (2) پلەیە،وە لە ئاستی بەڵگەداری (0,05)[2]، واپیشانی دەدات كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گروپی ئەزموونی و كۆنترۆڵكراو،بەپێی گۆڕاوی دایك بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە .

**3 . 4. ٣. بڕوانامەی باوكی قوتابیان بۆ هەر دوو گروپەكە:** توێژەر لەرێگەی فۆرمی ئامادەكراوە بڕوانامەی باوكی قوتابیان قوتابیانی وەرگرتووە بە مەبەستی زانینی رادەی هاوتای بۆ دیاری كردنی هەبوون یان نەبوونی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گرووپەكە، هەستا بە بەكارهێنانی هاوكێشەی (كای سكوێر) ،هەروەك لە خشتەی ژمارە (3-5)دا خراوەتەڕوو:

**خشتةی ذمارة (3- 5 )**

**ئةنجامی هاوكێشةی (كای سكوێر) بۆ هةردووطروث بةثێی طۆڕاوی بڕوانامةی باوكی قوتابیان**

| طروث | بڕوانامةی باوك | | | قةبارةی نموونة | بةهای (ك) | | نمرةی ئازاد | ئاستی بةڵطةداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بكالۆریۆس | ئامادییە | سةرةتایی | | ئةذماركراو | خشتةی | | |
| ئةزموونی | 11 | 8 | 7 | 26 | 0,27 | ٥،٩٩ | 2 | بةڵطةدارنية |
| كۆنترۆلكراو | 10 | 8 | 6 | 24 | | | | |
| كۆی طشتی | 21 | 16 | 13 | 50 | | | | |

هەروەك ئاماژەكردن بەخشتەی ژمارە( 3-5 )،دەردەكەوێت،كە بەهای (ك)ی ئەژماركراوبریتییە لە(0,27) كەمترە لەبەهای خشتەی كە یەكسانەبە(5,99)بە پێی نمرەی

[1] بەهای(كای سكوێر)خشتەی لە نمرەی ئازادی(٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)دەكاتە (٥٥,٩٩). (صالح،٢٠٠٩)

ئازادی (2) [3]پلەیە،وە لە ئاستی بەڵگەداری (0,05)، وایپشانی دەدات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو،بەپێی گۆڕاوی بروانامەی باوکی قوتابیان بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە .

**3 .4. ٤. بروانامەی دایک قوتابیان بۆ هەر دوو گروپەکە:** توێژەر لەڕێگەی فۆرمی ئامادەکراوە بروانامەی دایکی قوتابیانی وەرگرتووە بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوتای بۆ دیاری کردنی هەبوون یان نەبوونی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گرووپەکە، هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (کای سکوێر) ،هەروەك لە خشتەی ژمارە (3-٦)دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی ذمارة (3- 6 )**

**ئةنجامى هاوكيَشةى (كاى سكويَر) بوَ هةردووطروث بةثيَى طوَرِاوى برِوانامةى دايكى قوتابيان**

| طروث | برِوانامةى دايك | | | قةبارةى نموونة | بةهاى (ك) | | نمرةى ئازاد | ئاستى بةلَطةدارى (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بكالؤريؤس | ئامادةيى | سةرةتايى | | ئةذماركراو | خشتةى | | |
| ئةزموونى | 8 | 12 | 6 | 26 | 0,4 | 5,99 | 2 | بةلَطةدارنية |
| كؤنترؤلَكراو | 9 | 11 | 4 | 24 | | | | |
| كؤى طشتى | 17 | 23 | 10 | 50 | | | | |

هەروەك ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە( 3-6 )،دەردەکەوێت،کە بەهای (ك)ی ئەژمارکراوبریتییە لە(0,4) کەمترە لەبەهای خشتەی کە یەکسانەبە(5,99)بە پێی نمرەی ئازادی (2) [4]پلەیە،وە لە ئاستی بەڵگەداری (0,05)، وایپشانی دەدات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو،بەپێی گۆڕاوی بروانامەی دایک بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە .

**3 .4. ٥.تەمەنی قوتابیان بۆ هەر دوو گروپی هەژمارکراو بە(مانگ):** بەمەبەستی زانینی تەمەنی قوتابیانی هەر دوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) هەستا بەوەرگرتنی بەرواری لەدایك بوونیان لە پۆلی (آ - ب )لە لیستی تۆماری ناوەندی خوێندنگەکەکە تەمەنی قوتابیان بە(ڕۆژ،مانگ،ساڵ) پاشان بەمانگ یان نەبوونی جیاوازی لە نێوان تەمەنی قوتابیان دیاریکرد بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)ی هەر وەك لە خشتەی ژمارە(3-7) خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(3-7)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ زانینی هاوتایی نێوان هەردوو گروپەکە بەپێی گۆڕاویی تەمەن**

| طروث | قةبارةى نموونة | ناوةندى ذمێرةيى | لادانى ثيَوةريى | بةهاى (ت) | | نمرةى ئازاد | ئاستى بةلَطةدارى (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئةذماركراو | خشتةى | | |
| ئةزموونى | 26 | ١٣٢،٧٣ | ٢،٨٧ | ٠،٤٨ | ١،٦٧ | 48 | بةلَطةدارنية |
| كؤنترؤلَكراو | 24 | ١٣٢،٣٣ | ٣،١٤ | | | | |

هەروەك ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە( 3-7 )،دەردەکەوێت،کە بەهای (ت) ئەژمارکراوبریتییە لە(٠،٤٨) کەمترە لەبەهای خشتەی کە یەکسانە بە(1,6٧)بە پێی نمرەی ئازادی (48) [5]پلەیە، لە ئاستی بەڵگەداری (0,05)، وایپشانی دەدات کە جیاوازی بەڵگەداری

ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گرووپی ئەزموونی وگرووپی کۆنترۆڵکراو،بەپێی تەمەن بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە .

**3 .4. ٦. ئاستی زیرەکی هەر دوو گرووپەکە**: توێژەر زیرەکی (ڕاڤن)ی بەکارهێناوە کەپێکهاتووە لە تاقیکردنەوەیەکی وێنەی لە جۆری جیاوازی لە شێوەی هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی وێنەی ) پێکهاتووە لە سێ بەش(أ-أب-ب) هەربەشێك بۆ(شەش )وێنە دابەشکراوە،هەر گرووپێکیش لە (12)تابلۆو قاڵب پێکدێت کە کۆی گشتی(36) پرسیار لەشێوەی وێنەی جیاوازە شێوەیەکە توانایی جێ بەجێکردنی هەیە بەسەر کۆمەڵێکی گەورەدا کە ڕاستگۆیی وجێگیری بۆ کراوە ،وەرگیراوەلە(حماد،2008)،پاشان دابەشیکردووە بەسەر قوتابییەکان ودواتر هەڵەچنی بۆ وەڵامەکان کردووە،بۆهەروەڵامێکی ڕاست(١)نمرەی وەرگرتووە، ،پاشان توێژەر بەمەبەستی زانینی هاوتای لەنێوان هەردوو گرووپەکەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بەکارهێناوە بەو شێوەی کە لەخشتەی ژمارە ( 3-8)خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (3-8)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T.test)بۆ زانینی هاوتایی هەردووگرووپ ئاستی زیرەکی**

| طروث | قەبارەی نموونە | ناوەندی ذمێرەیی | لادانی ثێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەلَطەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەذمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | 26 | ٢١،٤٢ | ٥،٧٣ | ٠،٥٤ | ١،٦٧ | ٤٨ | بەلَطەدارنیة |
| کۆنترۆلَکراو | 24 | ٢٠،٤٥ | ٦،٣٥ | | | | |

هەروەك ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە(3- 8)،دەردەکەوێت،کە بەهای (ت) ئەژمارکراو بریتییەلە (٠،٥٤ )کەمترە لەبەهای خشتەی کە یەکسانەبە(1,67)بە پێی نمرەی ئازادی (48)پلەیە، لە ئاستی بەڵگەداری (0,05)، پیشانی دەدات کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گرووپی ئەزموونی وگرووپی کۆنترۆڵکراو،بەپێی زیرەکی بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە.

**3 .4. ٧. نمرەی تاقیکردنەوەی زانیاری پۆلی(4) بابەتی جوگرافیا بۆ هەر دوو گرووپەکە:**

توێژەر بەمەبەستی زانینی نمرەی کۆتا ساڵی پێشووی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو بە هاوکاریی ستافی خوێندنگە وەری گرتووە ، لەپاشان دا بەمەبەستی زانینی ڕادەیی هاوتایی لە نێوان هەردوو گرووپەکە هەبوونی یان نەبوونی جیاوازی لە نێوان گرووپەکان هەستاوە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)، بەو شێوەی کەلە خشتەی ژمارە (3- 9)خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(3-9)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)بۆ زانینی نمرەی هەردوو گرووپی نمرەی ساڵی پێشووی پۆلی(4)**

| طروث | قەبارەی نموونة | ناوەندی ذمێرەیی | لادانی ثێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەلَطەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەذمارکراو | خشتەی | | |
| ئەزموونی | 26 | ٧٣،٨٨ | ١٥،٠٢ | ٠،٣٢ | ١،٦٧ | ٤٨ | بەلَطەدارنیة |
| کۆنترۆلَکراو | 24 | ٣،١٤ | ١٣،٧٩ | | | | |

هەروەك ئاماژەكردن بەخشتەی ژمارە( 3-9 )،دەردەكەوێت، كە بەهای (ت) ئەژماركراو بریتییە لە(٠,٣٢ ) كەمترە لەبەهای خشتەی كە یەكسانەبە(1,6٧)بە پێی نمرەی ئازادی (48)پلەیە،وە لە ئاستی بەڵگەداری (0,05)، واپیشانی دەدات كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان قوتابیانی گروپی ئەزموونی وگروپی كۆنترۆڵكرا ،بەپێی گۆڕاوی نمرەی پۆلی (5) بۆیە هەردوو گروپ هاوتایە .

3 .5.دیاریكردنی پارێزراوی توێژینەوەكە: پارێزراوەكان دابەش دەبن بە دووجۆری جیاواز:

**3 .5. ١. پارێزراوی ناوەكی:**كۆنترۆڵكردنی ئەم جۆرە گۆڕاوە لەتوێژینەوەی ئەزموونی چەندجۆرێكی سەرەكیە:

1-بارودۆخی كتوپڕ نەخوازراو: لەكاتی جێ بەجێكردنی توێژینەوەكە هیچ حاڵەتێكی كتوپڕرووینەداوە وەک (ئاگركەوتنەوە بوومەلەرزە،لافاو،...هتد)ڕووی نەداوە ،لەكاتی خۆیدا وانەكان وترانەوە.

٢-واز هێنان لەخوێندن: لەكاتی ئەنجامدانی توێژینەوەكە هیچ قوتابییەک وازی لەخوێندن نەهێناوە بەپێی دابەشكردنی لایەنی كارگێڕی خوێندنگەكە وە دابەشكراون.

٣-هۆكاریی گەشە:یەكێكە لەهۆكارەكان كاریگەری هەیە بەهۆی بۆماوەو ژینگەوە لەئەنجامدا توێژەر بەبەكارهێنانی هاوكێشە ئامارییەكان هاوتایی هەردوو گروپەكە جیاوازی بەدی نەكرد.

٤-كات:توێژەر كاتی ئەنجامدانی توێژینەوەكەی دیاریكردووە بەپێێ پلانی دانراو لەكاتی خۆیدا جێ بەجێ كراوە .

٥-تاكەكانی هەردوو گرووپ:بەپێی دابەشكردنی لایەنی كارگێری قوتابخانەكە دابەشكراون بۆ دوو گرووپ كە گرووپی ئەزموونی وگرووپی كۆنترۆڵكراو.

**3 .5. 2. پارێزراوی دەرەكی:**بۆكۆنترۆڵكردنی توێژینەوەكە دووجۆری سەرەكی هەیە:

١-هۆكاریی گۆڕاوی سەربەخۆلەسەر ئەزموونەكە:گۆڕاوی سەربەخۆ بریتیەلە بیركردنەوەی تێرامانی توێژەر سەرجەم گۆڕاوەكانی كۆنترۆڵكردووە تاكو كاریگەری لەسەر توێژینەوەكەنەبێت.

٢-كارلێكی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر لایەنگریی هەڵبژاردنەكە: هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەكە بەشێوەی هەرەمەكی سادە لەجۆری قورعە بەپێێ دابەشكردنی قوتابخانە بۆدوو گرووپی ئەزموونی وكۆنترۆڵكراو بوو.

**3 .6 . ئامادەكردنی ئامرازو پێداویستیەكانی توێژینەوەكە:**

**3 .6 .١.وەرگرتن وبەكارهێنانی ئامرازی توێژینەوەكە:** تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی تێرامانی بۆ بابەتی جوگرافیا یەكێكە لە بابەتە گرنگەكان كە پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە لە دیاردە جیاوازەكان پێكهاتووە ،كەپێویستە بیرلە دروستكراوەكانی دەوروبەری بكاتەوە بۆیە ئەم پێوەرەی وەرگرتووە بە شێوەیەكی ئامادەكراوكەپێكهاتووە لە(٢٠)برگە بەشیوەی هەڵبژاردن لەچەند دانەیەک كە (٤)وەڵامی هەڵەو(یەک)وەڵامی ڕاست چونكە كە بەشێوەیەكی ئاسانەو خەملاندنی كەمترە لەجۆرەكانی دیكەی تاقیكردنەوە پشت بەستە بەم پێوەرانە كە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەكراوە.

١- بیركردنەوەی تێرامانی كەپێكهاتووەلە(٢٠)برگە.

٢-بەپێی تەمەنی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەنێوان (٩-١٠)ساڵآندان.

٣-بەپێی كاتی دیاریكراوكەدەبێت ڕەچاوبكرێت لە وەڵامدانەوەدا.

**3 .6 .٢. دیاریکردنی بابەتی خوێندنی ئەزموون کردنی توێژینەوەکە:** توێژەر بابەتی توێژینەوەکەی دیاریکرد کەپێکهاتووە لە بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بەشی جوگرافیالە سمستەریی دووەمی خوێندن بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤)دیاریکردووە.

**3 .6 .٣. دیاریکردنی ئامانجی تاقیکردنەوەکە ئامرازی توێژینەوەکە:** ئامانجی تاقیکردنەوەکە پێوانەکردنی ئەو توانایەی کرد بوو کە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی گرووپی توێژینەوەکە(ئەزموونی) کەبتوانن لە تواناکانی بیرکردنەوەی تێرامان‌دا بپێوون، کە وەک پێناسەکراوە بریتین لە: ناسینەوەی زانیاریی وچەمک و و وەسفکردنی شێوەی دیاردەکان ، شیکردنەوەی زانیارییەکان، هەستکردن و لێکدانەوەی ناڕوونی، دەرهێنانی ماناکان، و ،شێوەی بینراوی سەرەکی دیاردەکان..

**3 .6 .٤. دیاریکردنی جۆری بابەتی تاقیکردنەوەکەی ئامرازی توێژینەوەکە:** تاقیکردنەوەیەکی بابەتی جۆری هەڵبژاردنی ئامادەکرد کە بەشێوەیەکی ئاسانەو خەملاندنی کەمترە لەجۆرەکانی دیکەی تاقیکردنەوە کەپێکهاتووە لە(٢٠)بڕگە بەشێوەی هەڵبژاردن.

**3 .6 .٥. دیاریکردنی داڕشتنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە :** بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی وەڵامدانەوە ی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بە ڕاستی ودروستی بریتیەلە لە ناساندنی قوتابیان بە ئامانجی تاقیکردنەوەکە و پیشاندانی نموونەیەکی وێناکردن و ئاگادارکردنەوە کە هیچ پرسیارێک بەبێ وەڵام نەهێڵێتەوە،سەرجەمیان وەڵام بەنەوە..

**3 .6 .٦. دیاریکردنی نمرەو هەڵەچنیکردنی ئامرازەکە تاقیکردنەوەکە:** دانانی نمرە بۆهەربڕگەیەک توێژەر(١)نمرەی بۆ وەڵامی ڕاست دیاریکردوە، وەبەرامبەر بەوەڵامی هەڵە(سفر)ی داناوە.

**3 .7.ڕاستێتی ڕواڵەتی بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوەکە:** توێژەر ڕاستێتی بۆ ئامرازەکەی دۆزیەوە وەک مەرجێکی زانستی کە پێکهاتووە لە (ڕاپرسی کراوە) ،خستیەبەر دەستی ژمارەیەک پسپۆری شارەزا ،کەژمارەیان(٩)شارەزابووە بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستی ودروستی وداڕشتنی بڕگەکان یاخود لابردنیان دوای پێدانی ماوەگەڕانەوەی فۆرمەکان لەوەڵامی سێ ڕەهەندی پێکهاتبوو(شیاوە،نەشیاوە،گۆڕانکاری)کۆی وەڵامەکانی کۆکردەوە بەڕێژەی (٧٩٪ ) بەگونجاو دانراوە بۆ بیرکردنەوەی تێرامانی دیاردە جوگرافییەکان.

**3 .8 دیاریکردنی گرووپێکی سەرەتایی نموونەی(استطلاعیە) تاقیکردنەوەکە:** توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی لە شێوەی ڕاپرسی کراوەدا سەرەتایی ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە (20) بڕگەی هەڵبژاردن،دابەشیکردووە بەسەر (٢٠)قوتابی بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە پێدانی ڕێنمایی بە تاقیکردنەوەکە .

**3 .9.هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکان :** هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەکە نمرەکان ڕیزبەند کران لە نزمەوە بۆ بەرز باش دابەشکران بەسەر دوو بەشدا کە بۆ دوو نیوە نمرەی گرووپە(بەرزەکان) و نیوەی گرووپە (نزمەکان)بۆ هەر نیوە بەشێک (٢٥)قوتابی لەخۆگرتبوو، توێژەر هاوکۆلکەی گرانی بۆ هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەکەی بۆ سەرجەم قوتابیانی گرووپە ئەزموونی سەرەتایی ئەژمارکرد، بۆی دەرکەوت کە لە نێوان (٠،٣٠ - ٠،٦٠) بە تێکڕای (٠،٥٠.) ، هاوکۆلکەی ئاسانی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان ،( ٠،٢٩.-٠،٥٧.) بە تێکڕای (٠،٥٠.) هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی پەسەندکراوە، ئەگەر هاتوو هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی لە نێوان (٠،٢٠. -٠،٨٠.) دابێت ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەندە ( المحاسنة و مهیدات،٢٠٠٩).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**3 .10.هێزی جیاکاری بڕگەکان:** ،توێژەر هێزی جیاکاری بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕەکانی تاقیکردنەوەکە دانا، بۆی دەرکەوت هێزی جیاکاری بڕگەکانی هەڵبژاردن لە چەن دانەیەک دەکەوێتە نێوان (٢٣.، – ٥٤.،) ، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکان ئەگەر بەهای هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە لە نێوان (٢٠.، -٨٠.،) دابێت ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پەسەندە، بەڵام ئەگەر لە نێوان( ٤٠.، - بەرەوسەر ) بوو ئەوا  بە بڕگەیەکی باش دادەنرێت، ( المحاسنة و مهيدات، ٢٠٠٩).

**3 .11. جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە**:توێژەر بۆدۆزینەوەی جێگیری نموونەیەکی سەرەتایی ئەنجامدراوە بۆ(40)قوتابی لە قوتابخانەی کەنسورەی بنەرەتی  ،بەدەر لە نموونەی توێژینەوە کە،کە شێوازی دووبارەتاقیکردنەوەی بەکارهێناوە واتە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم لەبەرواری (٢٠٢٤/٣/١٠) جێبەجێکراوە،پاشان دووبارە تاقیکردنەوەی دووەم دوای دووهەفتە لەبەرواری (٢٠٢٤/٣/٢٥ ) لەتاقیکردنەوەی یەکەم ئەنجامی دایەوە بەسەرهەمان قوتابیان لەهەمان قوتابخانەدا،پاش تەواوکردنی تاقیکردنەوە وەهەڵەچنیکردنی وەڵامەکان هاوکێشەی پێرسۆنی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی کە بەرێژەیی(٨٥%)بەگونجاودانراوە.

**١٢.٣. جێ بەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:** ئامرازی توێژینەوەکە جێ بەجێکرا بۆ توانایی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی لە خوێندنگەی (ژیلوانی بنەرەتی)، لەرێگەی بۆهەردوو گروپی ئەزموونی کەبەپشت بەست بەستراتیجی (s.n.i.p.s)و گروپی کۆنترۆڵکراوبەرێگەی ئاسایی بابەتەکە خوێندیان بۆبابەتی بابەتی کۆمەڵویەتی بەشی جوگرافیا،لەبەرواری (٢٠٢٤/٣/٢٥) ،بۆنموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (٥٠)قوتابی ڕەگەزی نێرومێ بوون.لەکۆتایدا لەرێگەی بەراورد کردنی گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵ کراوەشیکاری بۆئەنجامەکانیان کراوە.

**٣. ١٣. ئامرازە ئامارییەکان:**

١- هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن: بەکاهێنراوە بۆدۆزینەوەی جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوەکە وەک(تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی).

٢- هاوکێشەی (کای سکوێر)مربع (کای):- ئەم هاوکێشە ئامارییە بۆ هاوتاکردنی هەردوو گروپی ئەزموونی وگروپی کۆنترۆڵکراو بەکارهێنراوە لە نێوانیاندا لەڕووی (پیشەی باوك،پیشەی دایك، بڕوانامەی باوك،بڕوانامەی باوك،تەمەن،ئاستی زیرەکی).

٣- هاوکێشەی  (ت) دوو نموونەی سەربەخۆ(جیاواز): بەکارهێنراوە بۆ  جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)ی  ئامرازی توێژینەوەکە کە پێکهاتوون لە تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی).

٤- دۆزینەوەی نمرەی ئازادی هەردوو گروپەکە:بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی نمرەی ئازادی هەردووگرووپەکە.

٥- هاوکێشەی تاقیکردنەوەی(ت) : بەکار هێنراوە بۆ  یەکسانکردن(هاوتاکردنی) گۆڕاوەکان لە نێوان هەردوو گروپی نموونەی توێژینەوەکە(ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لەڕووی، تەمەن ،زیرەکی، نمرەی ساڵانی پێشووی پۆلی (٤)،هەروەها بەکاهێنراوە بۆ جیاوازی لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پاشەکی ئامرازی توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە تاقیکردنەوە ی (تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی).

**بەشی چوارەم:**

**شیکردنەوەو خستنەرووی ئەنجامەکان**

**گریمانەی یەكەم: دەقەكەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی تاقیكردنەوەی پێشەكی وپاشەكی گروپی ئەزموونی (كەبەرێگەی ستراتیجی( S.n.i.p.s)ی پشت بەستوو خوێندویانە لە بیركردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی".**

لەرێگەی بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی(ت) دۆزینەوەی بەهای (ت) ئەژماركراو بەراورد بە بەهای (ت) خشتەیی،كەلە خشتەی ژمارە(٤-١)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (4-1)**

**ئەنجامی تاقیكردنەوەی (ت) بۆ نمرەكانی گروپی ئەزموونی لە تاقیكردنەوەی (پێشەكی و پاشەكی)**

| گروپی ئەزموونی | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژماركراو | خشتەیی | | |
| پێشەكی | 26 | ١٤،٦٩ | ٤،٠٣ | ٢٣،٣ | ١،٦٧ | 5٠ | بەڵگەدارە |
| پاشەكی | 26 | ١٦،٧٦ | ٤،٠٨ | | | | |

**ئاماژەكردن بەخشتەی ژمارە(4-1)دا دەردەكەوێت،**كە بەهای (ت)ئەژماركراو یەكسانە بە(٢٣،٣)

بەهای خشتەیی یەكسانە بە(1,6٧) نمرەی ئازادی بریتییەلە (5٠) لە ئاستی بەڵگەداریی (0,50) دایە.لەبەر ئەوەی كەبەهای (ت) ئەژماركراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی كە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە تاقیكردنەوەی پاشەكی دا،بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی نمرەكانی قوتابیان لە تاقیكردنەوەی پاشەكی، لەئاستی وەرگرتنی بیركردنەوەی تێرامانی لە بەرژەوەندی گروپی قوتابیانی پاشەكی كە بەشێوەیی ستراتیجی (S.n.i.p.s) خوێندویانە واتە ڕەتكردنەوەی گریمانەی (یەكەم) كە ئاماژە بەوە دەكات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو نمرەكانی تاقیكردنەوەی گروپەكە قبوڵكردنی گریمانەی جێگیرەوە،واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو نمرەكانی تاقیكردنەوەكان.

**شیكردنەوەی گریمانەی یەكەم:** بە پێی دەرئەنجامی سامپڵی توێژینەوەكە بوونی تاقیكردنەوەی پاشەكی ئاستێكی بەرزە بەبەراورد بەپێشەكی بەهۆیی خوێندنی بابەتەكان بەشێوەیەكی (ستراتیجی (S.n.i.p.s) كەكاریگەری هەبووە,لەسەر خوێندنەوەو،نوسین و سەرنج ڕاكێشانی قوتابیان وەرگرتنی زانیارییەكان كەمتر بیریان بچێتەوە،چونكە ستراتیجی نوێ قوتابیان بەدوور دەبێت لەوەی تووشی بێزاری بكات بەشدار چالاكانەی هەبێت.

بۆ دۆزینەوەی قەبارەی كاریگەری گۆڕاوی (سەربەخۆ)لەسەرگۆراوی(پاشكۆ)قەبارەی جیاوازی دوای (ت)كەجیاوازی دەگەڕێتەوە بۆگۆڕاوی سەربەخۆ،پاشان بەگۆڕینی بەهای (ت)هەژماركراوبۆبەهای (D)ئاماژەیە بۆدەركەوتنی قەبارەی كاریگەربەشێوەی سێ ڕەهەندی(بچوك،مام ناوەند،گەورە)بەشێوەی لەخشتەی(٤-٢)خراوەتەڕوو:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٢

**خشتەی ژمارە(٤- ٢) ڕوونکردنەوەی قەبارەی کاریگەر**

| ئامرازی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەر | | |
|---|---|---|---|
| بەهای (D) | بچووک | مامناوەند | گەورە |
| | ٠,٢ | ٠,٥ | ٠,٨ |

بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیجی (S.n.i.p.s) لەسەر جیاوازی ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گۆڕاوی پاشکۆ بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە بیرکردنەوەی تێرامانی هەردوو گروپ هەروەک لە خشتەی ژمارە(٤- ٣)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(٤- ٣)**

**دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیجی (S.n.i.p.s )لەسەر تاقیکردنەوەی پاشەکی بیرکردنەوەی تێرامانی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | بەهای (ت) | (Df) نمرەی ئازاد | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیجی (S.n.i.p.s) | تاقیکردنەوەی پاشەکی گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێرامانی | ١،٦٧ | ٤٨ | ٠،٤٨ | گەورە |

**ئاماژەکردن بە خشتەی (٤- ٣)دەردەکەوێت** ،کە قەبارەی کاریگەری ستراتیجی (S.n.i.p.s) گەورەیە لە جیاوازی نمرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی گۆڕاوی پاشکۆ گرووپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی کە بەهای (D)ئەژمارکراو یەکسانەبە(٠،٤٨ )،کە ئەمەش بەهایەکی گەورەیە.

**گریمانەی دووەم: دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێریی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو (کەبەڕێگەی ئاسایی باوخوێندویانە) لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی".**

لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت)بۆ پێشەکی وپاشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو و دۆزینەوەی بەهای (ت) ئەژمارکراو بەراورد بە بەهای (ت) خشتەیی،کەلە خشتەی ژمارە(٤-٤ )دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (4-٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ت)بۆنمرەکانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی)**

| گرووپی کۆنترۆ ڵکراو | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| پێشەکی | 24 | ١٣،٦٦ | ٣،٣٨ | ٤،٦٧ | ١, 67 | 46 | بەڵگەدارە |
| پاشەکی | 24 | ١٥،٦٢ | ٣،٥١ | | | | |

**هەروەك لە خشتەی ژمارە (4-٤)دا دەردەکەوێت**، کە بەهایی(ت)ئەژمارکراو یەکسانە بە(٤،٦٧)وە بەهای خشتەی یەکسانە بە (67, ١) نمرەیی ئازادی(46) لە ئاستی بەڵگەداری(0,05)دایە لەبەر ئەوەی بەهای( ت) ئەژمارکراو گەورەترە لەبەهای(ت) خشتەی بۆیە ئاماژە بەوەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندیی ژمێریی نمرەکانی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی ،بیرکردنەوەی تێرامانی،بە بەراورد بە تاقیکردنەوەی

پێشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو لە بیرکردنەوەی تێرامانی لەبەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی(پاشەکی دا)یە واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی (دووەم)ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە.

**شیکردنەوەی گریمانەی دووەم:**بە پێی دەرئەنجامی سامپڵی توێژینەوەکە دەری دەخات تاقیکردنەوەی پاشەکی ڕادەیەکی زۆرترە لەگروپی کۆنترۆڵکراو وەک لەپێشەکی بەهۆی ئەوەی قوتابیان شارەزایان پەیداکردووە لەسەر بابەتەکان وخوێندنی بابەتەکان بەڕێگە کانی وانەوتنەوە، کەپێشترنەیان خوێندووە،شارەزاییان پەیداکردووە .

**گریمەنەی سێیەم: دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی بەڵگەی ئاماریی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو کەبەڕێگەی ستراتیجی** (S.n.i.p.s) لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی".

لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت)پاشەکی بۆ گروپەی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو دۆزینەوەی بەهای (ت) ئەژمارکراو بەراورد بە بەهای (ت) خشتەیی،کەلە خشتەی ژمارە(٤-٥)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (4-٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی (پاشەکی کەبەڕێگەی ستراتیجی (S.n.i.p.s)**

| گروپی | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| پاشەکی ئەزموونی | 26 | ١٦،٧٢ | ٤،.٨ | ١،٨٩ | ١،٦٧ | 48 | بەڵگەدارە |
| پاشەکی کۆنترۆڵکراو | 24 | ١٥،٦٢ | ٣،٥١ | | | | |

**هەروەك لە خشتەی ژمارە (4-٥)دا دەردەکەوێت،** کە بەهایی(ت)ئەژمارکراو یەکسانە بە(89, 1)وە بەهای خشتەی یەکسانە بە (67, ١) نمرەیی ئازادی(٤٨) لە ئاستی بەڵگەداری(0,05)دایە لەبەر ئەوەی بەهای( ت) ئەژمارکراو گەورەترە لەبەهای(ت) خشتەی بۆیە ئاماژە بەوەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان ناوەندیی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی ،بە بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو لە لەبەرژەوەندیی تاقیکردنەوەی(پاشەکی دا)یە واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی (سێیەم)ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەی نمرەکانی هەردووگروپ قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە، واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە.

**شیکردنەوەی گریمانەی سێیەم:**بە پێی دەرئەنجامی سامپڵی توێژینەوەکە دەری دەخات بە پێی بوونی تاقیکردنەوەی پاشەکی ئەزموونی تارادەیەکی زۆرترە وەک لە گروپی کۆنترۆڵکراو بەهۆی **ستراتیجی** (S.n.i.p.s)) یارمەتیدەرە لە بەشداریکردنی قوتابیان لە بابەتەکە بەشێوەی زیاتر ئارەزووی بابەتەکەدەکەن وهەست بەبێزاری ناکەن بەراوردبەگروپی کۆنترۆڵکراو هەروەها ڕێگەی گەیشتنە بە باشتر بەستنەوەی بیرۆکەکانی پێشووی بەتیبەت بیرکردنەوەی تێرامانی لەدیاردەوبابەتەکان ونوسینەوەی دیاردەکان کە بەشداری دەکات بەهۆی ستراتیژییەکان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٢

وشیکارکردنی جیاوازبۆی لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن وبەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ بابەتەکەی کە بیرکردنەوەی تێرامانی کەپرۆسەیەکی عەقڵیە بیری مرۆڤ فراوان دەکان.

**گریمەنەی چوارەم: دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی ئاماریی بەڵگەی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گرووپی ئەزموونی بەپێی ڕەگەز کەبەڕێگەی ستراتیجی ( S.n.i.p.s)) لە بیرکردنەوەی تێرامانی و بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی".**

لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت) پاشەکی بۆ گرووپی ئەزموونی بەپێی ڕەگەز و دۆزینەوەی بەهای (ت) ئەژمارکراو بەراورد بە بەهای (ت) خشتەیی،کەلە خشتەی ژمارە(٤-٦)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (4-٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ت) نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گرووپی ئەزموونی بەپێی ڕەگەز**

| گرووپی ئەزموونی | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕگەز | ژ | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| پاشەکی | نێر | ١٢ | ١٧،٠٨ | ٣،٨٧ | ١٥،٢٨ | ١،٧١ | 24 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 14 | ١٨،١٦ | ٤،٣٨ | | | | |

**ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە(4-٦)دا دەردەکەوێت**، کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکسانە بە(١٥،٢٨) بەهای خشتەیی یەکسانە بە(١،٧١) نمرەی ئازادی بریتییەلە (24) لە ئاستی بەڵگەداریی (0,50)دایە.لەبەر ئەوەی کەبەهای (ت) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی ڕەگەزی(نێرو مێ) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی ، لەئاستی وەرگرتنی بیرکردنەوەی تێرامانی لە بەرژەوەندی گرووپی قوتابیانی (مێ) کە بەشێوەیی ستراتیجی ( S.n.i.p.s))خوێندویانە واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی چوارەم کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەی گرووپەکە قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە،واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەکان بەپێی ڕەگەز.

**شیکردنەوەی گریمانەی چوارەم**:بە پێی دەرئەنجامی سامپڵی توێژینەوەکە دەری دەخات کە خوێندکارانی (مێ)زیاتر بابەتەکە دەخوێنەوە ودەنوسن و هێڵکاری ونەخشەدەکەن ئارەزووی لەبەرکردنی دەکەن لەوەرگرتنی زانیارییەکان بەشێوەی پراکتیکی زیاترسەرنج ڕاکێشە.بەراورد بەقوتابیانی نێر، کەسایەتی مرۆڤ دەبەستێت بیرکردنەوەی زیاتر دەرئەنجامی ئەوەی زیاتر گوێ لەمامۆستایان دەگرن لە کاتی وانەوتنەوەدا وە ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکانیان دەکەن.

**گریمانەی پێنجەم: دەقەکەی بریتییەلە "جیاوازی ئاماریی بەڵگەی نییە لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0,05) لە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گرووپی کۆنترۆڵکراو بەپێی ڕەگەز (کەبەڕێگەی ئاسایی باوخوێندویانە) لە بیرکردنەوەی تێرامانی بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی".**

لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت) پاشەکی بۆ گرووپەی کۆنترۆڵکراو بەپێی ڕەگەزو دۆزینەوەی بەهای (ت) ئەژمارکراو بەراورد بە بەهای (ت) خشتەیی،کەلە خشتەی ژمارە(٤-٧)دا.

**خشتەی ژمارە (4-٧)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ت) نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو بەپێی ڕەگەز**

| گروپی کۆنترۆڵکراو | | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕگەز | ژ | | | ئەژمارکراو | خشتەی | | |
| پاشەکی | نێر | 11 | ١٤،٦٢ | ٣،٣١ | ١٦،٧١ | ١،٧١ | 22 | بەڵگەدارە |
| | مێ | ١٣ | ١٦،٧٢ | ٣،٥١ | | | | |

**ئاماژەکردن بەخشتەی ژمارە(4-٧)دا دەردەکەوێت،** کە بەهای (ت) ئەژمارکراو یەکسانە بە(١٦،٧١) بەهای خشتەیی یەکسانە بە(٧١،١) نمرەی ئازادی بریتییەلە (2٢) لە ئاستی بەڵگەداریی (0,50)دایە.لەبەر ئەوەی کەبەهای (ت) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو ڕەگەزی(نێرو مێ) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی ، لەئاستی وەرگرتنی بیرکردنەوەی تێرامانی لە بەرژەوەندی گروپی قوتابیانی (مێ) کەبەرێگەی ئاسایی خوێندویانە واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی (پێنجەم) کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەی گروپەکە قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە،واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو نمرەکانی بەپێی ڕەگەز.

**شیکردنەوەی گریمانەی پێنجەم:**بەپێی دەرئەنجامی سامپڵی توێژینەوەکە دەری دەخات بە پێی بوونی خوێندکارانی مێ بە ڕادەیەکی زۆر لەوانە خویندن هۆکارێک باشن لەرووی لەبەرکردنی بابەتەکان بەهۆکاری ئەوەی لەماڵەوە زیاترخەریکی خوێندنەوەی بابەتەکان،توانای لایەنی جێ بەجێکردنیاین بەشێوەی پراکتیکی هەیە لەچاوڕەگەزی بەرامبەردا.

## بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیازەکان

### ١.5 دەرئەنجام:

١-ووتنەوەی بابەتەکە بەشێوەی خوێندنەوەونوسین بەپێێ ستراتیجی( S.n.i.p.s)) کاریگەری زیاترە بۆگروپی کە ئەزموون کەجێ بەجێکراوە.

٢-هەڵبژاردنی ستراتیجی بەپێی تەمەنی قوتابیان وادەکات لە بابەتەکە تێبگەن ودرەنگ لەبیریان.

٣- یارمەتی دەدات بۆچارەسەرکردنی کەموکورییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن .

### ٢.5. ڕاسپاردەکان:

١-کردنەوەی خول وراهێنانی مامۆستایان سەبارەت بەوەرگرتنی زانیاریی و ئاگاداربوون لە شێوازو ستراتیژییە نوییەکانی وانەوتنەوە تایبەت بە هەر بابەتێك لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

2-پەیڕەوکەدنی بابەت وپرۆگرامی نوێی فێرکردن و فێربوونی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی لەڕێگەی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامانی بۆقوتابیان تایبەت بەپرۆسەعەقڵیەکان.

### ٣.٥. پێشنیازەکان: چەندپێشنیازێک بۆئەنجامدانی توێژینەوەی دیکەبەم شێوەی خوارەوە:

1-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆقوتابیانی لەقۆناغی ئامادەیی لە ڕێگەی ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی بۆ بابەتی جوگرافیای لەقۆناغی ئامادەیی.

٢-ئامادەکردنی پرۆگرامێکی فێرکاری-فێربوون لەسەر بنەمایی فێربوونی چالاك لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامانی لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا چونکە تایبەتە بەخوێندنەوەونوسین.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٢

**سەرچاوەكان:**

ابوحمادة،محمد محمود(2008): **التعلم التعاونى ،الفلسفة والمهارات ،الامارات العربية المتحدة**،دار الكتاب الجامعى.

سرمد،محمد ملحم (200٧): **سيكلولوجية التعليم والتعلم الاسس النظرية والتطبيقية**،ط1،دار المسيرة،عمان.

الصابرى، زلال هلال(٢٠١٩): **أثر ستراتيجيه(s.n.i.p.s):فى التحصيل والتفكير التاملى لدى طالبات الصف الخامس الادبى فى ماده التاريخ**،رساله ماجستير غيرمنشوره،جاميعه ميسان.

صالح خالد.(٢٠٠٩): **القياس والتقويم التربوية**،ط1،مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع،الكويت.

عبدالوهاب، فاطمه محمد(٢٠٠٥):**فعاليه استخدام بعص استراتيجيات ماوراء المعريفه فى التحصيل والتفكير التاملى الفيزيا والاتجاه النحو استخدامها لدى طلاب الثانى الثانويه الازهراء** ،مجله العلوم التربيه ع٤،م٨.

العماوى، جيهان احمد(٢٠٠٩):**اثراستخدام طريقه لعب ادوارفى تدريس قراءه على تنميه التفكيرالتاملى مدى طلبه الصف الثالث الاساسى،جامعهاسلاميه غزه**،(رساله ماجستيرغيرمنشوره).

القاعود، ابراهيم عبدالقادر،واخروون (٢٠١٩):**أثر ستراتيجيه(s.n.i.p.s)فى التفكير البصرى لدى طالبات الصف الثامن الادبى فى مبحث التاريخ**،مجله العلوم التربيه،العدد ٤ .

كشكؤ،حمدان جميل(٢٠٠٥):**اثر برنامج تقنى مقترح فى ضوءالعجاز العلمى بالقران على تنميه التفكيرالتاملى** ،كليه التربيه،( رساله ماجستيرغيرمنشوره).

كيم ،مصطفى(200٥): **استراتيجيات التدريس الحديثة**،ط2،الرياض

المحاسنة،أبراهيم محمدومهيدات، عبدالحكيم علي (2009): **التقويم الواقعي** ،دار جرير للنشرو التوزيع ،عمان،الأردن .مصطفى

مصطفى،احمداحمد (2004):**الجغرافية العملية و الخرائط** ،**دار المعرفة الجامعية**،الاسكندرية.

مصطفى،فهيم(2002):**مهارات التفكير في مراحل التعليم العام**،دار الفكر العربي ،قاهرة.

المعمودى،كريم حمزه(٢٠٢٠): **أثر ستراتيجيه(s.n.i.p.s)فى التحصل واثارفاعليه لدى طلاب الصف الثانى المتوسط،كليه التربيه،جامعه بابل**،مجله جامعه بابل الاعلوم الانسانيه،العدد١ .

الهاشمى،عبدالرحمان ،طه على حسين الديلمى(٢٠٠٨):**استراتيجيات حديث فى فن التدريس** ،طه١،دارالشروق عمان